گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X
Vol.28 Issue 2 2024
ID No. 1671 (PP 186-205)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.2.10

توێژینەوە

# ئیمپرۆڤیزەکردن وپێرفۆڕمەنسی هونەری لە فۆڕمەکانی گۆرانی کوردیدا

امانج غازی شاکر اغا *

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی نەریتەکانی ئیمپرۆڤیزە ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی نەریتەکانی ئیمپرۆڤیزەکردن(الارتجال) و پێرفۆڕمەنسی هونەری (الأداء الفني) لە گۆرانی کوردیدا. تایبەتمەندییەکانی ئیمپرۆڤیزەکردن و پێرفۆڕمەنسی لە گۆرانی کوردیدا گەوهەری نێو بنیاد و پێکهاتەی موزیکییەکەیەتی. ئیمپرۆڤیزاسیۆن و پێرفۆڕمەنسی گۆرانی دوو لایەنی گرنگی هونەری کوردی بە گشتیی و موزیک و گۆرانیش بە تایبەتی، جا چ موزیکی سیستماتیک بێت یان موزیکی میللی. ئەمەشیان بە لەبەرچاوگرتنی بوون و چەسپاندنی پێگەی هونەری خۆی لە گۆرانیی باو و موزیکی کۆنباودا بە شێوەیەک کە سەرنجڕاکێش و هەمەچەشن بێت و ملکەچی میتۆد و مەرجەکانی موزیکی دانراو نەبێت. واتە لە بنەڕەتدا فۆڕمێکی ئازادە لە داهێنان و ئەفراندندا، ئیمپرۆڤیزەکردن بە گشتی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی موزیکی ڕۆژهەڵاتییە. ئیمپرۆڤیزەکردن و پێرفۆڕمەنس بۆ چەندین سەدە توخمێکی گرنگ بوون لە هونەری موزیکیدا. لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە و پێش بە نۆتەکردنی موزیک تا ئەم سەردەمە ڕۆڵێکی گرنگی لە موزیکدا بە گشتی هەبووە. ئەو هونەرە بۆلەبەرکردن پشتی بە هەردوو توخمی یادگە و پێرفۆڕمەنسی دەستبەجێی ئیمپرۆڤیزە بەستووە.

* بەشی موزیك،کۆلێژی هونەرە جوانەکان،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
amanj.shaker@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/02
پەسندکردن 2024/02/05
بڵاوکردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەکییەکان:
ئیمپرۆڤیزەیشن،
پێرفۆڕمەنس،
فۆڕم،
گۆرانی کوردی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed,
double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-1 پێشەکی:**

ئیمپرۆڤیزەکردن بەهرەیەک بە تاک دەبەخشێت کە سنووره کۆتاییەکانی لەگەڵ ئەو بابەتەدا یەکدەگرێتەوە وله هەمانکاتیشدا لەگەڵیدا لەدایک بووە. ئەم بەهرەیە دەتوانرێت لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا بە پلەی جیاواز بەکاربهێنرێت و پەرەی پێبدرێت و بە ئاراستەیەکی دروستدا هەنگاو بنێت. ئەمەش پێویستی بە بەردەستبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی هۆشیارانە و ئەزموونی پراکتیکی بەدەست هێنراو هەیە. هەروەها لە لایەنی موزیکیدا، بەهرە لەگەڵ مەیلی خۆڕسکانە هاوتایە و ڕووە چێژی موزیکی و جیاکاریی بیستن لە نێوان تۆنە جیاوازەکان و ڕادەی هاوئاهەنگییان هەنگاو دەنێت. هەڵبەتە لێرەدا ئارەزووی ئیمپرۆڤیزەکردن دەبێتە بەهرەیەکی ڕەها یاخود سنووردار لە ناخی هونەرمەندەکاندا. (الکوردی، ١٩٨٤، ل٢)

ئیمپرۆڤیزەکردن هونەرێکە، لە کلتووره موزیکییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەربڵاوە وبوونی هەیە. لە شار و لادێ و گوند و ناوچە کوێستانییەکان بەهۆی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان و کارلێک و کاریگەرییە شارستانییەکانەوە هەمەچەشنە. مرۆڤ لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفراندنەوە، بە هەموو هەستە هونەریەکانییەوە، لەرینەوە و سرووتە ئیمپرۆڤیزە جۆراوجۆرەکان، کاریگەریی دیاردە سروشتییە جۆراوجۆرەکان و ناوەڕۆکەکانیان تۆمار کردووە، لەوانە فرەیی ڕەنگەکان و کۆنترۆڵکردنی ڕووناکی و تاریکی، ژاوەژاو و بێدەنگی، جوانی و ناشیرینی، دڕندەیی و هەموو لایەنەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمی لەخۆ گرتبوو. (عبدالعزیز، ١٩٧٩: ل ٢٦٧)

نەریتەکانی ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیک نوێنەرایەتی توخمێکی گەوهەردار و جیاکەرەوەی ڕۆحی شارستانییەتە موزیکییەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن، سەرەڕای پانتایی بەرفراوان و فرەچەشنی زاراوەکانیان. بۆیە ئیمپرۆڤیزەکردن ئەو زمانەیە کە لە ئاوێتەبوونی توخمە موزیکییەکانەوە سەریهەڵداوە و لە گەوهەرەکەیدا یەکگرتوو بووە. هەرچەندە زاراوە ناوخۆییەکانی تا ڕادەیەک جیاوازن، بەڵام زمانێکە بە خەسڵەتە تایبەتەکانی میلۆدی و ڕیتمی و جوانکاری گرێدراوە. ( الخولي، ١٩٧٥،ص١٥-١٦)

ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیک وەک هونەرێکی خۆڕسکی تژی لە داهێنان دەناسرێت. بەو شێوەیە لە قاڵب دەدرێت کە دەربڕینی سۆزداری بۆ بابەتەکە فەراهەم دەکات.(Blom, 1954: p991 ). شێوازی ئیمپرۆڤیزەکردن بە کامڵبوونی هونەریی تایبەتمەند نابێت، تا هەردوو توخمی (فۆڕم و ناوەڕۆک) وەک ئاوێتەیەکی تۆکمە بەیەکەوە نەبیندرێن، ئەمەش وەک مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ڕەگداکوتانی داهێنان. (برولیه، ١٩٧٠،ص ٣٣).

**2-1 کێشەی توێژینەوەکە:**

هەر نەتەوەیەک موزیک و گۆرانی و سروودی تایبەت بە خۆی هەیە. هەموو ئەمانە بۆ دەربڕینی ئەو هەستانەی کە لە هزری هونەرمەنداندا بوون بەکاردەهێنرا. ژینگەی جوگرافی و کەلەپووری جەماوەری و بارودۆخی سیاسی میللەت ڕۆڵێکی کارا و ڕیشەیی لە دیاریکردنی سیمای گۆرانی و موزیکەکاندا دەگێڕن . (توفیق، ٢٠١٠، ص ١٥٩)

ژیاری مرۆڤایەتی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا، هەر لە سەرەتای سەردەمەکانییەوە بە زنجیرەیەکی هزرییەوە تا دەگاتە ئێستا دەست پێدەکات، کە لە ڕێگەیەوە ئەو شەرعیەتەی کە پێویست بووە بۆ دۆزینەوەی میتۆد و کەرەستەی پێویست بۆ مرۆڤ، کە لە ژینگەکەیدا بەردەستن و لەگەڵیدا دەژین فەراهەم کراوە، بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا یارمەتی بدات. بە تێپەڕبوونی کات ئەم داهێنانە خۆڕسکانە بەهۆی کۆمەڵگا نوێیەکانەوە بوونە ئامرازی پێشکەوتوو. ئەم ئامرازە پێشکەوتووانە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا تاک و کۆمەڵگا بە تەواوی پشتی پێ دەبەسترا. واتە مرۆڤەکان ئەو بابەتە سادانەی کە بۆ پێکهاتەی فرەتر لە دەنگ و ئاواز کە لەگەڵ کارەکتەر و هەستەکانیان تێکەڵ دەبوون پەرەیان پێدەدا بۆ بنیاتنانی فۆڕمەکانی چڕین لە پێکهاتەی موزیکیدا. (الجابري ، ٢٠١٨ ،ص٢٤٣)

هەرچەندە هەر میللەتێک خاوەن موزیکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە شێوازی دەربڕیندا هەندێ جار ئەو موزیکە لە ڕێگەی میدیا و پەیوەندی و کراوەیی لەگەڵ شارستانیەت و کلتوورەکانی گەلانی دیکە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری موزیکی گەلانی دیکەدا. کەواتە بەرهەمی گەلان لە کەلەپووری کلتووری کۆنباو کە لە کۆنەوە نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە دەکرێت بە ئیمپرۆڤیزەیشن دابنرێت. (حویز، ٢٠١٥ : ص ٢ )

گومانی تێدا نییە کە گواستنەوەی موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕێگەی پرۆسەی زارەکییەوە توخمێک بووە لە پەرەپێدانی توانا ئیمپرۆڤیزەیشنەکانی هونەرمەندان لە ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام ئەستەمە بزانین ئایا گرنگی ئیمپرۆڤیزەیشن ئەوە بووە کە هاندەری داهێنان بووە لەنێو پێرفۆڕمەنسی ڕۆژهەڵاتییەکاندا، یان ئەو ڕۆڵە داهێنەرانەیە کە پێرفۆڕمەنسکار لە ڕۆژهەڵاتدا دەیگێڕێت و هونەری ئیمپرۆڤیزەکردنی بە پێشکەوتنێکی زۆرەوە بەرهەمهێناوە، بەو پێیەی ئەو بوارەیە کە هونەرمەند ڕێگەی پێدەدرێت لێهاتوویی و

هونەرییەت و خەیاڵی خۆی تێدا ئازاد بکات. لە هەر حاڵەتێکدا چەمکێک بەدی دێت، ئەویش چەمکی "ئەنجامدەری داهێنەرانە"یە. هەمیشە شتێکی گەوهەری بووە لە نەریتی موزیکی ڕۆژهەڵاتی و عەرەبیدا و بە شێوازی خۆی و تەنانەت وەک بابەتێکی جیاکەرەوەی هونەریی ناسێندراوە. (الخولي ، ص ١٨). چەمکی پێرفۆڕمەنسی ئەفرێنەر "Creative performer " هەمیشە بابەتێکی گەوهەردار بووە لە نەریتی موزیکی گەلانی هەموو جیهاندا نەک تەنها گەلانی ڕۆژهەڵات.

بەو پێیەی موزیکی کوردی بەشێکی زیندووی موزیکی ڕۆژهەڵاتە، بۆیە موزیکی کوردی لە لایەن توێژەرانەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە، بە هۆی تایبەتمەندییەکەی و پەیوەندیی بەو کۆنتێکستەی کە تێیدا نمایش دەکرێت و ئەو فرەییەی کە فۆڕمەکانی دەربڕینی تێدایە، لەوانە مۆد(مقام) و ڕیتم و فۆڕم و بۆتەی موزیک و پێرفۆڕمەنسی تاکەکەسی لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە. (مصطفى ،٢٠١٤: ص٢)

بۆ چەندین سەدە کورد دراوسێی چەند گەلێک بووە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی هاوبەش و کاریگەریی هاوبەشی کەلەپووری موزیکی ئەم گەلانە یارمەتیدەرن بۆ تیشک خستنە سەر چەند بابەتێکی جددی. هەروەها پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە پرسی پێرفۆڕمەنسی موزیک و گۆرانی خۆبەخۆ و ئیمپرۆڤیزەیشن بدرێت و بە قووڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئەم پێکهاتە و پێرفۆڕمەنسە هونەرییانە بە گشتی سیمایەکی جەماوەرییان هەیە و کەرەستەی خاویان تێدایە. کاتی ئەوە هاتووە بیر لە میتۆدی زانستی بکەینەوە لە ڕێکخستنی ئەو بابەتانە بە پێی پێویستی سەردەم. دۆخی موزیک لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی نوێنەرایەتی سیمبولی ناسنامە و سەربەخۆیی دەکات. بەڵام پێکهاتەکانی ناسنامەی موزیکی وا دە کەن قسەکردن لە سەر لایەنەکانی موزیکی کوردی بە شێوەیەکی مۆدێرن کە تیشک دەداتە سەرِ تایبەتمەندییەکانی زاراوە جیاوازەکان و پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیی و ئامێری و گۆرانی وخستنەرکاری(توظیف) بە ئاڵۆزیی و خراپی ڕەنگبداتەوە، لەوانە؛ بە زۆر هێنانە ناوەوەی بابەتی گۆرانی و موزیکی دوور لە ڕەسەنێتی موزیکی کوردی بۆ نێو کایەی تیپەکانی موزیکیی لە کوردستاندا.

هونەری ئیمپرۆڤیزەکردنی لیریکی و ئامێری کاریگەری نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی هونەری موزیکی کوردی هەبووە. ئەمەش بووە هۆی پەرشوبڵاوی و لکەلکە (تلعثم) و دابەزینی توانای پێرفۆڕمەنسی هونەریی و پێرفۆڕمەنسکاریی هونەرمەندی ئیمپرۆڤیزەری کورد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە پاراستنی ڕەسەنێتی خۆیان لە پێرفۆڕمەنسی لیریکی و ئامێری ئیمپرۆڤیزەیشندا لە لایەک لەدەست بدەن و دوور بخرێنەوە، لە لایەکی دیکەوە مەترسییە دیارەکان یان شێواندنی بە ئەنقەست بەڵایەک بوو لەسەر ڕەسەنێتی بەهای هونەری کەلەپووری پێرفۆڕمەنسکاریی کوردی و دەیخستە مەترسییەوە، ئەم بابەتە تەواوی فۆڕمەکانی گۆرانی چڕینی کوردی نوێنەرایەتیان دەکرد. ئەمەش وایکرد مەترسی لەناوچوون و لەدەستدانی لەسەر بێت. بۆیە کۆکردنەوە و بە دۆکیۆمێنتکردن و پاشان لێکۆڵینەوە لەم گەوهەرە بەها دارە لە کەلەپووری کەلەپووریی و کلتووری پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هونەری و زانستییە بە هەموو تایبەتمەندی و مۆرک و بەها هونەریی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە. ئەم گەنجینە هونەرییانە هەمیشە دەبنە پێگە و پایەیەکی بەرز بۆ تیشک خستنە سەر ڕەسەنێتی شوناسی هونەری کوردی.

لێرەوە توێژەر وەک پێویستییەکی هونەریی هەنووکەیی بۆ دەوڵەمەندکردنی ئیمپرۆڤیزەیشنی گۆرانی کوردی بە توخمە موزیکییە ئەکادیمیە نوێیەکانییەوە کە بە پێرفۆڕمەنسی هونەری نوێنەرایەتی دەکرێن و گرنگیدانی زیاتر بە کەلەپووری هونەری کوردی بە وردبینی لە کەرەستە خاوەکانی لە توخم و تایبەتمەندییە موزیکیەکانی لە ڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانیەوە بە کارێکی لەپێشینەیی ناساندن و دیاریکردنی شوناسی لایەنی پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیی دەبینێت.

### 3-1 گرینگی توێژینەوەکە:

١- پەرەپێدانی توانای پێرفۆڕمەنسکارەکان بە داهێنان لە ئیمپرۆڤیزەکردنی پێرفۆڕمەنسکارانە کە لەگەڵ بابەتی موزیکیی یان لیریکی هونەریدا بگونجێت و بە ڕەسەنێتی هونەری تایبەتمەند بێت.

٢- ئامادەکردنی نەوە یەک لە دوای یەکەکان بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەی ئیمپرۆڤیزەیشن، کە بەپێویست دەزاندرێت فەزایەک بۆ بڵاوبوونەوەی هونەری ئیمپرۆڤیزەکردن بە لایەنە ئەفراندن و داهێنەرەکانی لە موزیکی کوردیدا بخوڵقێنێت.

٣- خوڵقاندن و داهێنانی ڕستەی لیریکی ئاست بەرز پاڵپشت بە داهێنانی ئیمپرۆڤیزەیشنکاران. ئەمەش ڕێگا بۆ دەوڵەمەندکردنی موزیکی کوردی خۆشدەکات و تێگەیشتن لە لایەنە زانستییەکانی پەیوەست بە گەشەسەندنی دێنێتە ئاراوە.

### 4-1 ئامانجی توێژینەوەکە:

ناسینی نەریتەکانی ئیمپرۆڤیزەکردن و پێرفۆڕمەنسی هونەریی لە فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی، لە پێرفۆڕمەنسی ئەو شێوازە گۆرانییە چڕینانە و ئاشکراکردنی ڕۆحیەتی هەمەچەشن بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر تایبەتمەندییە هونەریەکانی ئیمپرۆڤیزەکردن.

### 5-1 سنوری توێژینەوەکە:

سنووری مێژوویی لە ساڵانی ١٩٧٠ تاکو ١٩٩١

سنووری جوگیافی : هەرێمی کوردستانی عیراق.

سنووری بابەت: توێژینەوەکە فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی دەستنیشان دەکات، کە پێرفۆڕمەنس و ئیمپرۆڤیزەیشنی ئاستبەرز و وردی تێدایە.

### 6-1 ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر ئەو نموونانەی سەرەوەی لە نموونەی توێژینەوەکەدا شیکردۆتەوە، کە لە بۆتەکانی گۆرانی کوردیدا هەن، بە شێوەیەکی وەسفیی شیکاری بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی هونەری ئیمپرۆڤیزەکردنی گۆرانی و ئەو نەریتە گۆرانییانەی کە لە نێو پێرفۆڕمەنسکاران ناسراون، کە بریتین لە:

گۆرانی چڕین بە ئیمپرۆڤیزەیشن لە فۆڕمی لاوک

١- پێرفۆڕمەنسی لاوک بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

٢- پێرفۆڕمەنسی حەیران بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

٣- پێرفۆڕمەنسی ئەلاوەیسی بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

٤- پێرفۆڕمەنسی خورشیدی بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

٥- پێرفۆڕمەنسی سیاچەمانە بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

هەریەکێک لەم فۆڕمانەی گۆرانی چڕین نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە:

١- نۆتی دەستپێک وکۆتایی پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیشن.

٢- فرەچەشنیی لە ئاراستەکانی میلۆدی فۆڕمی گۆرانی.

٣- گواستنەوە لە نێوان ڕەگەزی مۆدە موزیکییەکان و فرەچەشنییان.

### 7-1 پێناسەی زاراوەکان:

#### 1-7-1 ئیمپرۆڤیزەیشن:

پێناسەی ئیمپرۆڤیزەیشن زۆرن، بەڵام هەڵوەستەکردن و وەستان لەسەر یەک پێناسە نامانگەیەنێتە ئامانجە زانستیەکان، چونکە هەموویان لەڕووی گرنگی زانستی چەمکی ئیمپرۆڤیزاسیۆنەوە یەکدەگرنەوە. ئیمپرۆڤیزاسیۆن بە گشتی بریتییە لە بەرجەستەی بیرۆکەی نوێ کە گوزارشت لە هەستی خودی هونەرمەند دەکات کە دەرئەنجامی ئەزموونی تایبەتی خۆیەتی. (امین ١٩٩٨: ص١)

پێرفۆڕمەنسێکی دەستبەجێ و ئامادەنەکراوە، کە پرۆسەکانی ئاوازدانان و ژەنین یان گۆرانی چڕین لە یەک کاتدا تێیدا بەشداران و لەسەر بنەمای خودکاریی (الذاتي) و گەشەکردنی خودی کەسەکە بنیاد نراوە. بەم شێوەیە بیرکردنەوە و پێشکەشکردنی موزیک لە یەک کاتدا ئاوێتەی یەکتر دەکات. 50p..1965Percy school the oxford universities

هەروەها ئیمپرۆڤیزەیشن هونەری ئاوازدانانی خێرایە لە ڕێگەی گۆرانی چڕین و ژەنینی ئامێرێکی موزیک، یان هەردووکیان پێکەوە. جا ئامادەکاریی بۆ کرابێت یان نا، بە شێوەیەک کە بیرۆکە و ئاراستە و بابەتەکە ڕوون بکاتەوە. ئیمپرۆڤیزەیشن زانست و هونەرێکی خۆبەخۆیە کە مەبەستی خۆ دەربڕینە و لەسەر بنەمای داهێنان بنیادنراوە. (عبد العزيز ١٩٩٢: ص٣)

.ستیڤن بلووم باسی لەو جیاوازییە گرنگە کردووە لەسەر ئەمپرۆڤایزەیشن لە جازی ئەورووپی و مەقام و مێلۆدی ڕۆژهەڵاتی، کە نموونەشی بە موزیکی کوردی هێناوەتەوە. چەندانی دیکەش باسیان لەوە کردووە کە موزیکی ڕۆژهەڵاتی، وەکو موزیکی عەرەبی،

ئیمپرۆڤایزەیشن ناکەن بەڵو خولانەوە لەسەر مۆد و دواتر مۆدیولەیشن دەکەن کە بەشێوازێک لەگەڵ سیستەم و فۆڕمی موزیک و ڕیتم و ستایلی مۆدەکان بگونجێن.

**2-7-1 پێرفۆڕمەنسی هونەری:**

هونەری پێرفۆڕمەنس لەسەر بنەمای نمایشی بوارێکی ئاهەنگسازی سرووت ئامێزە وسەرجەم هونەرەکانی بینین و بیستن تیایدا بەشدارن. لە سەرەتاوە ئەم هونەرەی پێرفۆڕمەنسکردن وەک نوێگەرییەک لەلایەن ئەزموونی پێشەنگە ئیتاڵی و ڕووسەکانەوە بوو، لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم وەک ئەزموونی (دادایەکان). پێرفۆڕمەنس لە موزیکدا توخێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی شێوەزاری موزیکیی لە کارلێکەری کەسی پێرفۆڕمەنسکار. دیارترین ئەو توخمە موزیکییانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی پێرفۆڕمەنسییان بە سەرەوەیە بریتین لە لایەنی پێرفۆڕمەنسی میانە میلۆدییەکان کە دەکرێ قورگی پێرفۆڕمەنسکار و ئامێرە موزیکییەکان هاوشانی یەکتر بن لە بەجێهێنانی ئەم پرۆسە گرنگە. (Torrance, 2019: p268)

**3-7-1 گۆرانی کوردی:**

لە ڕووی فەزای میلۆدییەوە، گۆرانیی کەلەپووری میللی لە یەک هێڵ و مۆنۆتۆنەوە monoton دەست پێدەکەن. بەزۆری لە شەش دەنگ Hexa chord پتر تێپەڕ ناکەن. هەندێک جار ڕەنگە هەندێک گۆرانی ئەم سنوورە دەنگییانە تێپەڕێنن، بەپێی ئەوەی کە ڕۆڵی گۆرانی چڕین و بابەتی لیریکی داوایان لێدەکات. زۆرینەی هەرە زۆری گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش لە مۆدی سەرەکی بەیات و لقەکانی ئەو مۆدە دەخولێنەوە.

لە ڕووی پێکهاتەی مۆدی (مەقام) گۆرانیەکانەوە، زۆربەی گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کوردی لەسەر بنەمای یەکێک لە جۆرە سەرەکییەکانی مۆد لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا دامەزراون. هەندێک جار دەبینین لەسەر ئاستەکانی تری پێگە موزیکییەکان وێنا کراوە. زۆرترین جۆری بەکارهێنراو بریتین لە مۆدەکانی (بەیات، حیجاز، سیگا، عەجەم، کورد و ڕاست). لە ڕووی پێکهاتەی فۆڕمەوە؛ ئەم فۆڕمانە لە گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کوردیدا لە تاکە ڕستە و دەستەواژەی میلۆدی تێپەڕ ناکەن. میلۆدیەکان لەسەر دەستەواژەی میلۆدی کورت و دووبارەبووەوە بنیات نراون. لە ڕووی پێکهاتەی ڕیتمییەوە، گۆرانییە کەلەپوورییەکانی کوردی لەسەر کێشی سادە بنیات نراون و ڕەنگە هەندێک جیاوازی لە فۆڕمەکانی گۆرانیچڕینی کوردیدا هەبن، کە پشت بە شێوازی پێرفۆڕمەنسی ڕیتمی ئازاد (Adilib) دەبەستن. گرنگترین خەسڵەت کە موزیکی کوردی جیادەکاتەوە، مۆرک و سیما گشتییەکەیەتی، هاوشێوەی موزیکی گەلانی دیکە. هەرکەسێک ئەزموونی لەگەڵ موزیکی گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا هەبێت، دەتوانێت بە وردی موزیکی کوردی لە موزیکی فارسی، ئەرمەنی، ئاشووری، تورکی و عەرەبی جیا بکاتەوە. (الخليل ص ٢٩٤)

بەڵام ئەمە نکۆڵی لە کاریگەریی هاوبەشی نێوان موزیکی ئەم گەلە دراوسێیانە ناکات کە پەیوەندیی دراوسێیەتیان لەگەڵ کورد هەیە. زۆرن ئەو میلۆدییە کوردییانەی کە؛ لەسەر دەستی گۆرانیبێژ و موزیسیانانی کورد کە بە زمانەکانی خۆیان گۆرانی دەڵێن، گواستراونەتەوە بۆ نێو موزیکی ئەو گەلانە. (سەرچاوەی پێشوو: ل٢٩٤)

کاتێک موزیکی کوردی بە تەنیا و بە بەبێ یاوەری گۆرانی چڕین دەبیسترێت، تایبەتمەندییە دەنگی و ئەفراندنەکانی باشتر دەردەکەون. چێژ وەرگرتن پێویستی بە پلەیەکی بەرزی هەستیاری موزیکیی و توانای مێدیتەیشنێکی (تأمل) قووڵیش هەیە. بۆیە ئەم شێوازە لە نێو بژاردەی ڕوناکبیرانی کورددا پتر جێی بایەخە لەوەی لەنێو جەماوەری میللییدا هەیە. موزیکی کوردی بە یاوەری گۆرانی دەبیسترێت و جەماوەرە میللییەکەش پتر ئارەزووی ئەم شێوازەن. ئەوکات موزیکەکە گەورەترین بەهای خۆی بەدەست دەهێنێت کاتێک تۆنەکانی دەنگی گۆرانیبێژەکە لەگەڵ موزیکەکەدا هاوشان دەبن. (سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٢)

**2- چوارچێوەی تیۆری**

**1-2 خستنەکاریی ئیمپرۆڤیزەکردن:**

خستنەکاریی ئیمپرۆڤیزەیشن بە یەکێک لە گرنگترین فۆڕمە ئازادەکانی موزیک لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە و ڕەهەند و دوورخستنەوەی وێنەکان لە بۆتە و بنیادەکانی موزیک دادەنرێت. ئەم ئازادییە موزیکییە ڕووخساری بەرچاو لەگەڵ بینەر دروست دەکات و دیالۆگێکی بێکۆتایی لە نێوانیاندا درەخسێنێت. پێرفۆڕمەنسکاری موزیک پشت بە ئیمپرۆڤیزەکردن دەبەستێت بۆ ئەوەی

گوێچکەی گوێگر بۆ ئەو شوێنە ڕابکێشێت کە دەیەوێت و لە وردەکارییەکانی ڕەهەندە دراماتیکییەکانەوە هەڵقوڵابێت. پێرفۆڕمەنسکار ئیمپرۆڤیزەکردنی ئامێریی و گۆرانی وەک بابەتێکی خولڵقێنەر دەبینێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنێک لە قووڵایی هونەریی ئەو بابەتە دابین بکات، جگە لە خستنەڕووی فراوانترین فۆڕمەکانی تەکنیک کە لەسەر قورگ و ئامێرەکەی بەجێ گەیاندووە. سەبارەت بە ئیمپرۆڤیزەکردن لە گۆرانی چڕیندا، زۆرجار بە مەبەستی دروستکردنی ڕەنگ (تیمبەر) و مۆرکی دەنگییە لەوەی کە خودی گۆرانییەکە دەیخاتە ڕوو. نموونەی ئەمەش ئیمپرۆڤیزەکردنە لە موزیک و دەنگی مرۆڤ.

ناساندنی هەندێک لە فۆرمە باوەکانی ئەو سەردەمە، وەک: ( discant, organum, oratorio, and cadenanza)پێویستە، هەروەها هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی فۆڕمەکانی ئامێری جۆراوجۆر وەک پرۆلۆگ، فانتازیا و تۆکاتا ، کە لە سەردەمی پێش پەرەسەندنی ئامێرە موزیکییەکان دەرکەوتووە، و زۆرجار وابەستەی ئیمپرۆڤیزەکردن بووە.

2015/ 43 78Hetts://www.alittihad .aelarticle/

## 2-2 ئیمپرۆڤیزەکردن و نەریتەکانی لە گۆرانی کوردیدا:

مەرجی داهێنان و ئاشکراکردنی ڕەسەنیی لە ساتەوەختی ئیمپرۆڤیزەکردن لە موزیکدا ئەو ساتە دێتە ئاراوە کە بیرکردنەوە و کردار تێیدا هاوشان دەبن. هەروەها ساتەوەختی گوێگرتنە لە بێدەنگیی لە دەرەوەی (عەقڵی سنووردار)، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرجەستە دەبێت. ئەم گوێگرتنە تەنها لە پێشوازیکردندا بوونی نییە، بەڵکو ئاوێزانی ڕۆحە بۆ ناو بازنەیەک کە تێیدا بێدەنگیی دەتوانێت کاریگەری لەسەر عەقڵی مرۆڤ دروست بکات و ڕەوایەتی هونەری پێببەخشێ. موزیک لێرەدا، چ لە ڕووی دەنگییەوە، چ لە ڕووی نووسینەوەی تۆنە موزیکییەکانی، چ لە ڕووی سۆزدارییەوە، چ لە ڕووی نەخشەکارییەوە، هەوڵێکی دەنگییە بۆ بەدەنگهێنانی بێدەنگی، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە هێشتا ڕوون نین، کاتێک ئەو دەنگانە "ڕوون" و مەبەستدار دەبن، کە ئیمپرۆڤیزەکردن مەرجەکانی داهێنان لە نێو کایەکانی هونەردا بەدەدێنێت.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە ناتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت، جیاوازی نێوان کات و ساتەوەختی موزیکی ئیمپرۆڤیزەیی خودییەوە"سوبژێکتیڤ" و خۆبەخۆیی چاوپۆشیلکراو و تێپەڕ و لە نێوان کاتی نووسینەوەی موزیک، کە وەک پرۆسەیەکی بابەتیی کەڵەکەبوو دێتە بەر چاو. لە بەراوردێکی خێرادا لە نێوان ئەو کلتووره موزیکیانەی کە پشت بە دانراوی موزیکیی تۆمارکار دەبەستن و ئەو کلتووره موزیکیانەی کە لەسەر بنەمای ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیکی کە تەنیا خودی چرکەساتی لەدایکبوونی موزیکەکە ئەزموون دەکات دامەزراون. لە بەراوردێکی خێرای وەک ئەمەدا، مۆرک لە موزیکی کوردیدا بە پلەی یەکەم مۆرکێکی ئیمپرۆڤیزەکردنی تاکەکەسییە.

01/04/2020https: //www.alawan .org/

پرۆسەی ئیمپرۆڤیزەکردن بە کردەوە لەسەر بنەمای پێکهاتەی دەستبەجێ بنیادنراوە. هەروەها بۆ زیادکردن و هەموارکردنەوە و گۆڕین و تەواوکردن و سڕینەوەش هەنگاو دەنێت. بەگشتی ئیمپرۆڤیزەیشن لە گەوهەرەکەیدا لەسەر داهێنان بنیادنراوە کە پێشمەرجەکەی لە خۆبەخۆیی ئینتێستیڤ (حدسي) یان خەیاڵەوە وەردەگرێت، لە واقیعدا ئیمپرۆڤیزەیشن بریتییە لە گەڕان و هاتنە پێشەوەی بابەتێکی نوێ و گەڕان بەدوای بابەتێکدا کە پێشتر بوونی نەبووە. بابەتێک کە هێشتا نەبووە بە جۆرێک یان جۆرێکی تر بیستراوە یان بەدیهاتووە. هەروەها بەدیهێنانی ڕووداوێک یان دیمەنێکی بێ خەیاڵ و ونامۆ. بەمجۆرە پچڕانێکی هونەری و جوانکاری لەگەڵ دیمەنە ئاساییەکان دروست دەکات کە پێرفۆڕمەنسکار بە شێوەیەکی ڕۆتینی و دووبارە لەگەڵیاندایە، هەروەها ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی نائیرادی و بەبێ مەبەست دەبێت. (المنیعي، ١٩٩٠، ص٢٥)

شوناسی هەموو گەلێک بە زمان و هونەر و فۆلکلۆر و داب و نەریت و مێژووەکەی دیاری دەکرێت. بێگومان ئەمە گەلی کوردیش دەگرێتەوە. بۆ ئێمەی موزیسیان، پاراستنی ڕۆحی موزیکی کوردی و پەرەپێدانی جددی و ڕەسەنی لە ڕێگەی بەرهەم و نووسین و چالاکییە زانستی و ئەکادیمی و پەروەردەییەکانمانەوە دەکەوێتە ژێر سایەی ناسنامەی ڕەسەنی کوردی و پەرەپێدانی بە هەمان شێوە. گەشەکردن جیاوازە لە گۆڕانکاری یان ڕەتکردنەوە تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت. بۆیە ئێمە پێویستی زۆرمان بە تێگەیشتن لە سروشتی فۆلکلۆر بە هۆشیاری و پاشان زیندووکردنەوەی بە شێوەیەکی مۆدێرن کە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە ناوەڕۆک و پێگە و ڕیتم و کێش و پێکهاتە میلۆدییەکەی دەبێت. (زازا، ٢٠٠٥ ، مقابلة شخصية مع الباحث)

هەرچەندە موزیکی کوردی بۆ خۆی بە هونەرێکی سەربەخۆ دادەنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بە بەشێکی دانەبڕاویش لە کەلەپووری گشتی گەلانی ڕۆژهەڵات دادەنرێت. بۆ چەندین سەدە کورد دراوسێی گەلانی جیاواز بووە، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی

هاوبەش و کاریگەریی هاوبەشی کەلەپووری موزیکی ئەو گەلانە یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تیشک خستنە سەر چەندین بابەتی جددی کە پەیوەستن بە بابەتی دیاریکردنی شوناسی نەتەوەیی. (الكردي، ابراهیم ٢٠١١، ص ١٨ – ١٩)

بەڵام پرسی کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر موزیک کە دەکەوێتە نێو بازنەی وڵاتانی دراوسێی عێراق بە گشتی و موزیکی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە تایبەتی. مەرج نییە شوێنکەوتن و لەدەستدانی ناسنامە و لاساییکردنەوەی کوێرانە لەخۆبگرێت. بەڵکو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و پەرەپێدانی بیرۆکە و ژێرخانی ئەم هونەرە جوانەیە. گۆرانی کوردی بە بەشێکی سەرەکی لە کەلەپووری هونەری و موزیکی عێراق دادەنرێت. ئەم گۆرانییە وەک گۆرانیەکانی تری ناوچەکانی عێراق بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە: کەلەپووری فۆلکلۆری میللیی و کەلەپووری فۆلکلۆری سیستماتیکی. (محمود، ٢٠٠٩، ص ٥٥٤)

توێژەر پێیوایە، دۆخی موزیکی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی نوێنەرایەتی کارەکتەری بەهێماکردنی ناسنامە و ئینتیما دەکات. بەڵام پێکهاتەکانی ناسنامەی موزیکی وا دەکەن قسەکردن لە سەردەستکەوتەکانی موزیکی کوردی وتەوەرەکەی تیشک بخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی زاراوە زمانەوانییە جیاوازەکان کە لە ناوچە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەتەوە، کە بەهۆی دەربڕینی موزیکی لۆکاڵی جۆراوجۆرەوە دیاری دەکرێن.

### جۆرەکانی ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیکی:

#### 3-2 ئیمپرۆڤیزەیشنی ئازاد Free Improvisation

ئەو پێرفۆرمەنسە خۆبەخۆیە کە لە پێرفۆرمەنسکارەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو ساتەوەختەوە لەدایک دەبێت و بە بەهرە و توانای ئەوەوە بەڕێوە دەچێت، بەبێ پلاندانان، یان بەبێ ئەوەی پێشوەختە پەنا بۆ فۆرمولەیەکی دیاریکراو ببات، یان لە یادەوەریدا پارێزراو بێت، بەڵام بێگومان ئەو پێرفۆڕمانسە بەهۆی تەکنیک نەریتە ناسراوەکان بەڕێوە دەبردرێت. (امین،و سلیم ،١٩٩٨، لا١)

#### 4-2 ئیمپرۆڤیزەکردنی سنووردار Controlled Improvisation

ئیمپرۆڤیزەکردنێکە تێیدا سکۆری بەرهەمەکە بەکاردەهێنرێت. هەر ئەم جۆرە پێکهاتە موزیکییەشە، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ئیمپرۆڤیزەیشنەکان بنیادنراوە و دواتر گەڵاڵە بووە. بەڵام ئەمە کاراکتەرو مۆرکی ئیمپرۆڤیزەیشنی پاراست و ناونیشانەکەشی هەڵگرت. (سەرچاوەی پێشوو، لا ١)

کەواتە ئیمپرۆڤیزەکردنی ئازاد بنەمای خۆی هەیە، لە کاتێکدا ئیمپرۆڤیزەکردنی سنووردار ئازادییەکی تایبەتی هەیە، هەردوو شێوازەکە پێویستیان بە ڕاهێنان وتەکنیکی بەرز و وردە بۆ بەدەستهێنانی پێرفۆڕمەنسی باش، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری دووەمی بە ئاسانتر دادەنرێت. ( astransky، 1977،p.48)

ئیمپرۆڤیزەیشنێکی دیکەش هەیە، ئەویش ئیمپرۆڤیزەکردنی پەروەردەییە. ئیمپرۆڤیزەیشنێکی دەستبەجێیە کە ئازاد و سنووردار ئاوێتەی یەکتریی دەکرێن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مامۆستا نۆتەکان ئیمپرۆڤیزە دەکات و لە هەمان کاتدا سنووردار دەبێت بە توخمە ڕوونەکان کە پێشتر لە هزریدا بوون بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی پەروەردەیی. ئەم ئیمپرۆڤیزەکردنە لەسەر بناغەی پێکهاتەکانی موزیک و یاسا تیۆری و پراکتیکیە دانپێدانراوەکان بنیات نراوە. (امین، و سلیم ،١٩٩٨، ص٣)

القلعة Https ://www.agha -alkalaa.net /archives /

### 3- میتۆدۆلۆجی توێژینەوەکە:

#### 1-3 کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکانی:

کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆ هەموو فۆڕمەکان لە فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی پێکدێت، لە کاتێکدا نموونەی توێژینەوەکە سنووردار بوو بە پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیی گروپێکی دیاریکراوی فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی، کە نموونەکانیان :لاوك و حەیران وئەڵلاوەیسی و خورشیدی و سیاچەمانەیە.

#### 2-3 شیکردنەوەی نموونەکان

پێرفۆرمەنس لە گۆرانی چریندا دەربڕینێکی ئەفرێنەر دەبێ کاتێ گۆرانیبێژ دەتوانێ ببێتە خاوەن سەلیقەیەکی چاک بۆ ناسینەوەی چێنە دەنگی خۆی و توخمەکانی تری موزیک لە نۆتە خوێندنەوە، شارەزابوون لە ئامێرێکی موزیکی، شارەزابوون و پێرفۆڕمەنسی ڕەگەزە موزیکی و (تراکۆرد) درکردن بەو گۆڕانکارییانەی کە لەنێو میلۆدییەکدا هەن، وەکو (مۆدولەیشن) ی نێوان مەقامەکان.

ستایل بریتییە لە پرۆسەی دروستکردنی بەردەوام و کارلێکی دینامیکی بیرکردنەوە و خەیاڵی موزیکیی لە حاڵەتی ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیکی ئامێریدا، هەروەها بیرکردنەوە و خەیاڵی موزیکیی مانای ئەو وشانەی کە لە حاڵەتی ئیمپرۆڤیزەکردنی موزیکی لیریکیدا

دەبێ ئینتۆن(تنغیم) بکرێت. لێرەوە ڕوونە کە ستایل ئاوێتەیەکی هونەرییە لە توخمە جۆراوجۆرەکان کە هونەرمەند لە عەقڵی خۆی و لە خۆیەوە و لە سەلیقەی خۆیەوە وەریدەگرێت، ئەم توخمانە بریتین لە: بیرۆکە و خەیاڵ و هەست و لە ڕستە میلۆدییە دەربڕینەکاندا بەرجەستەیان دەکات و نەخشەسازی گونجاویش بۆ نیشاندانی مانای دەربڕین فەراهەم دەکات، ئەوەی لە بەیتە لیریکییەکاندا گوێبیستی دەبین، جۆرێکە لەو ئیمپرۆڤیزەکردنەی کە مەبەستمانە. (الزيات،١٩٤٥، ص ٦٢)

ئەمەشیان دەرئەنجامی پرۆسەیەکی بەردەوامی خوڵقاندنی وشەو ماناکانیان و ئەوەی لەگەڵ شێوازی ئینتوناسیۆن و پێکهاتە و ئاوێتەکردندا یەکدەگرێتەوە لەسەر نموونەکان کە ژیان و هێز و گەرمی و کاریگەری دروست دەکەن. بۆیە لێرەدا ناتوانرێت ڕۆڵی زمان لە هاندانی ڕۆحی خەیاڵ و داهێنەری ئیمپرۆڤیزەر چاوپۆشی لێ بکرێت. (الكردي، ص ٤٢-٤٣)

زاراوەی (لاوک) یان (لاو) بە واتای کوڕ یان گەنجێک دێت کە لە سەرەتای ژیاندایە و ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر. ڕەسووڵ، (٢٠٠٨، ل ١١٤)

ئەم جۆرە گۆرانی چڕینە بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو کە لە ناوچەی بەهدینان باوە چڕدراوە و پاشان لاوک وردە وردە بۆ ناوچەی سۆران لەلایەن هەندێک لاوکبێژی بەناوبانگ کە لە ناوچەی بادینانەوە بۆ ناوچەی سۆران کۆچیان کردووە و تێیدا نیشتەجێ بوونە یاخود بە زۆرە ملێ گواستراوەنەتەوە. (حەویز، سەرچاوەی پێشووتر، لاپەڕە ١٦)

پێرفۆڕمەنسی هونەری بۆتەی لاوک پەیوەستە بە لاوکبێژو ئەو لاوکبێژەی کە توانای پێرفۆڕمەنسی هونەری هەیە، چونکە لاوکبێژ کەسێکە کە پشت بە وزەی دەنگی خۆی دەبەستێت بۆ لاساییکردنی ئاوازەکە و لێرەدا پێرفۆڕمەنسکار پێویستی بە توانستێکی باشی ئیمپرۆڤیزەکردنی سەرکەوتوو لە نێو دەقەکەدا هەیە، هەروەها ئەو ئەزموونەی کە لەگەڵ جەماوەر هەیەتی هاندەرێکی باش دەبێ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە، بەڵام سەبارەت بە موتریب، ئەو لە پلەیەکی شیاوتر و بەرزتر لە گۆرانیبێژ دەمێنێتەوە و توانای گۆرانی چڕینی زیاتری هەیە بەهۆی ئاوێتەکردنی وزەی دەنگی و توانای داهێنەرانەی خۆی لەنێو دەقەکەدا. (توما ،٢٠٠٩ ، ص ٧٣٧)

بە ڕای توێژەر، چوونە نێو بابەت و دەستکردن بە چڕینی لاوک بەزۆری بە موزیکێک کە سرووش وەرگیراوی پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیی لاوکبێژەکەوەیە، واتە لە یەکێک لە ئامێرە موزیکییەکانی یاوەری لاوکبێژەکە و بەزۆری ئەو ئامێرەی کە هاوشانییەتی دەکات دەست پێدەکات وەک ئامێری ساز یان تەنبور یاخود یەکێک لە ئامێرە موزیکییە نەریتییەکانی تر.

لە ڕووی فۆڕمەوە لاوک لە چەندین ستانزا (مقطع) شیعریی داستانی یان لیریکی سۆزداری پێکدێت کە زۆربەیان سێ ستانزای دەربڕینن، بە پێشەکییەک دەست پێدەکات و دواتر دەچێتە لوتکەی بابەتەکەوە، لێرەدا پێرفۆڕمەنسەکە ئاوازدارە و ئەو پێرفۆڕمەنسە هونەرییە لە تێتراکۆردێک تێدەپەڕێت، واتە ژانرێک کە لە چوار دەنگی یەک لە دوای یەک یان پتر پێکهاتووە.

گونجاوترین مۆد بۆ ئەنجامدانی لاوک مۆدی (بەیات)ە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن پێرفۆڕمەنسکارانی ئەم جۆرە فۆڕمە ئیمپرۆڤیزەیانەی کوردییەوە بەکاردەهێنرێت، لەو فۆڕمەی لاوکدا لە دوای مۆدی (بەیات) مۆدی (حیجاز) یش ڕۆڵی کاریگەری لە دەربڕینە هونەرییەکاندا هەیە. سرووتی چڕین کە هاوشانی سەرەتا و کۆتایی پێرفۆڕمەنسەکانن بریتین لە:، هەی لۆ لۆ لۆ ، لۆیلۆ، دەلۆیلۆ، ئەم وشانە وتنەوەی پێویستن بۆ تەواوکردنی گۆرانیی داستانی و سۆزداری، زۆربەی ئەو بابەتانەی فۆڕمی لاوک دەیگرێتەوە، چیرۆکی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد و بەرخۆدانی قارەمانانە لە دژی داگیرکاریی زۆرەملێیی، پێرفۆڕمەنسکاری لاوک چڕینی قارەمانەتییەکان، کارەساتەکان و ڕۆڵی سەرکردەکانی ئەو داستانانە بە ستایش و شانازییەوە دەگێڕێتەوە، بێگومان تێکڕای ئەو چڕینانە ڕەنگدانەوەی لایەنی قارەمانانەی ژیان وژیاری کۆمەڵایەتی کوردی دەخەنە ڕوو.

جگە لەمە، بابەتگەلێکی تریش هەن کە لەلاوک ڕەنگدانەوەیان هەیە، لەوانە ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ستایش، لۆمەکردن، یان وەسفکردنی سروشتی ناوچەکانی کوردستان

گرنگی لاوکی کوردی لەوەدایە کە بەشێوەیەکی گشتگیرتر بابەتێکمان دەربارەی گشتگیری شیعری فۆلکلۆری کوردی پێدەڵێت، لەوەی کە درکی پێدەکەین ، لاوک چوارچێوەی خستنەڕووی وێنەی کاتی ڕاستەقینە و تێبینی شیعری خێرا و کورتە کە گەوهەری فۆلکلۆری ئەم گەلەن. (نیکیتین، ٢٠٠٧، ل ٤٥١)

پێرفۆڕمەنسی لاوک لە ڕووی فۆڕمەوە لەنێو چەمکی (دەنگبێژیی) دا وەکو بابەتیکی تۆکمە خۆی دەبینێتەوە و میانە دەنگییەکانی نێو پێرفۆڕمەنسەکە ڕۆچوونێکی ڕیشەیی ڕەسەنێتیی پێوە دیارە. کە ئەم بوارە پێرفۆڕمەنسە لە باشووری کوردستاندا بەو گرنگییە و هەڵوەستە لەسەر کردنە ورردبینانەیە نابیندرێ. لە باکووردا (کاویس ئەسکا، قەرەپێتا خاچۆ، شاکیرۆ، محمد عارف جزيرى، و

حەسەن جزیری) لە باشووریشدا (مەریەم خان، عیسا بەرواری، خەلیل باكۆزی) ڕۆڵی كاریگەریان لە پاراستنی هێڵی لۆژیكی پێرفۆڕمەنسدا هەبووە.

شیعرە فۆلكلۆرییەكان بە ئاوازێک دەچردرێن كە تا ڕادەیەكی زۆر لە یەک تیمپۆدایە، لە شیعرە درێژەكاندا، پێرفۆڕمەنەسكاران لە پێرفۆڕمەنسێكی خێرادا، یەک لە دوای یەک وشەكان جیا لە یەكتر دەڵێنەوە، بەڵام لە شیعرە كورتەكاندا زۆر هونەرییانە تا ڕادەیەک درێژیان دەكەنەوە، بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خۆی بۆ ئامادە بكات بۆ ئەوەی لەسەر ئەو وشەیە بوەستێت كە پێش سەروا (قافیة) كە دێت، سەروای كۆتایی لە كۆتایی ستانزاكاندا هەمیشە لە شێوەی وشەیەكی درێژدا دەردەكەوێت، پاشان پیتی میتریكی كۆتایی لە فۆڕمێكی بێدەنگدا وەک هەناسەیەكی هاوشێوەی بزوێنێكدا، بە ئاوازێكی هاوسەنگ و موزیكی دەردەكەوێت. (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٥٦)



**Lawki ( Abdal )**
**Dlê waî**



## ٢- پێرفۆڕمەنسی حەیران بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

توێژەر پێی وایە ئەدەبیاتی باو لە نێو کورد خزمەت بە ئامانجە جۆراوجۆرەکان دەکات، بەڵام دیارترینیان ئەوەیە کە هەڵگری بەها ڕەسەنەکانی کوردە، هەروەها وێناکردنی داب و نەریتی و پراکتیزەی ڕۆژانەیە، تا ئەو کاتەی بووەتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و زیندوو لە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە بژێوی مرۆڤی کورد هەبووە. پێکهاتەی گۆرانی کوردی لە دەوری خۆشەویستی عیرفانیی سروشت و ڕۆمانسی خەوناوی و خەمی کەسی دەسوڕێتەوە، لەوانەش خۆشەویستی و ململانێ. خێڵگەری و ململانێی دەرەکی بەرامبەر داگیرکەر و هێزە داگیرکەرەکان و بەو پێیەی گۆرانی دەوڵەمەندترین و وردترین سەرچاوەی وشەسازیی ڕەسەنی کوردین. پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەی چڕین بە شێوەی (حەیران) لە کەسانێکەوە دێت کە هەمیشە چێژ لە پاکی دەنگ وەردەگرن و زۆربەیان هیچ بیرۆکەیەکی ئەکادیمییان نییە سەبارەت بە گۆرانی چڕین، ئەوان حەیران دەچڕن بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین چیرۆکەکانیان ببیستین ، بەڵکو پێویستە چیرۆکەکانیان ببیستین، چونکە هەمیشە ژیرانە و مانا بە بوونی کورد دەبەخشن.

داستانە لیریکییەکانی کوردی بە گشتی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ داستانەکانی تری ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی کوردستانی دراوسێ نییە و مامەڵە لەگەڵ سیماکانی شەرەف و شانازی و سوارچاکی و دلێری و مێرخاسی دەکەن.

هەرچەندە کۆنتێکستی فۆلکلۆری کوردی مانایەکی دیکە بە حەیران دەبەخشێت، ئەویش مانای تۆناڵی، شیعرییە، بەستنەوەی تۆنەکانی حەیران بە مۆدی (بەیات) تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی پێدەبەخشێت وەک فۆڕمێکی کوردی. ئەم بابەتە ڕێک وەک ئەو تۆنە سۆزدارییە کە لە قورگ و شمشاڵی شوانەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە. حەیران تۆمارێکی سۆز و خۆشەویستییە، پێرفۆڕمەنسێکە کە بە ئاشکرا بە دەنگی پێرفۆڕمەنسکارەکان پێشکەش دەکرێت،هەندێک لە شارەزایان بە دوو جۆری چڕین پێناسەی دەکەن: حەیرانی چیایی و مەجلیسی، چیایی لە فەزای کراوەدا دەچردرێ... چینە دەنگییەکانی حەیرانبێژ تۆنی موزیکی بەرزی تێدەکەوێ ولەگەڵ دەستپێکردنی حەیران، پێرفۆڕمەنسەکەی بە هەناسەیەکی بەردەوام دەست پێدەکات، پاشان وردە وردە کپدەبێتەوە تادەگاتەوە ئەو تۆنە موزیکییانەی کە لێیەوە دەستپێکردبوو. کەچی حەیرانی مەجلیسی بە چڕین و دەنگێکی نزم و هێمن بەپێی ئاستی کەفوکوڵی دانیشتنەکە، تا دەگاتە دوا بڕگە بەردەوامدەبێت".

حمودي https://Magazine –imm.iq.cdn.ampprajećt.org

لە ڕووی فۆڕمەوە، حەیران لە سێ بەش پێکدێت: (سەربەند، ناوبەند، و دوابەند)

بابەتەکانی حەیران لە ڕووی پێکهاتەی شیعری و گێڕانەوە بەسەر دوو بابەتدا دابەشکراون، یەکەم بابەتیان، حەیرانی خۆشەویستی، ، دووری، پابەندبوون بە داب و نەریت، وەسفکردن و ئەو بابەتەی سروشتێکی ئایینی دەگێڕێتەوە، دووەمیان باس لە مێژوو، نائومێدی، ئێرۆتیک وسێکس و ستایش و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەکانی تر دەکات.

**Heyrani deshti hewlyr 1**



**Heyrani deshti lajan w xoshnaweti**



### ٣- پێرفۆڕمەنسی ئەڵاوەیسی بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن

پێرفۆڕمەنس وەکو چەمکێکی هونەری تا ئێستاش لەگەڵدابێ لە لایەن خودی هونەرمەند ولێکۆڵەری موزیکی کوردییەوە فەرامۆشکراوە، گەرچی هونەری پێرفۆڕمەنس پێش دەنگخۆشی وچۆنییەتی گۆرانی گوتنەوەیە.

ئەم هاوکێشەیە لێرەدا پێویستی بە توێژینەوەی پترە بۆ گەیەشتن بە چەمکەکانی چۆنییەتی گەیاندنی گۆرانیبێژ و ژەنیاری کورد بە ترۆپکی پێرفۆرمەنسێک کە بتوانێ ڕەهەندەکانی موزیکی کوردی دیارییبکات و دواتریش جیایبکاتەوە لە موزیکی گەلانی دراوسێ بە کورد.

گۆرانی کوردی تایبەتمەندە بەو سروشتەی کە تیایدا لەدایک بووە ولە ژێر کاریگەری سروشتی جوان و وێنەیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بووە، ئیمپرۆڤیزەیشن لە فۆڕمی گۆرانی کوردیدا لە ژێر بنەمای جێگیردا دانراوە و نزیکە لەوەی وەک یاسایەکی هونەری دەربکەوێت کە ئیمپرۆڤایزەر نەتوانێت لێی لابدات. بەو پێیەی گۆرانی چڕین و پێشکەشکردنی شێوازە لیریکییە کوردیەکان لە شێوازی لاساییکردنی گۆرانیبێژە پێشەنگەکان و پەیڕەوکردنی میتۆدی گۆرانی چڕینە کامڵەکانیان

بێگومان ئەمەش فۆڕم وشێوازی جیاوازی پێرفۆڕمەنسی هێنا کایەوە کە بەشدارن لە چڕینی ئیمپرۆڤیزەیشنی کوردیدا، لە کۆنەوە شاری کەرکوک بە ناوەندێکی گرنگ وبەرز لە بواری ئەنجامدانی مۆدی ڕەسەن دادەنرێت. پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیشن لە شێوەی ئەڵاوەیسی دایە، کە لە مۆد (نەهاوەند)ەوەیە وفۆڕمە موزیکییەکەی لە سێ بەشی موزیک پێکهاتووە کە لەسەر ئاستی دەنگی جیاواز پێشکەش دەکرێن، ئەڵاوەیسی جۆرێکە لە چڕینی بەناوبانگی دەڤەری گەرمیان ، بەو پێیەی فۆڕمی چڕینەکەی کوردییە وفۆڕمەکانی چڕینیش زۆرینەیان زارەکی لەبەرکراون و دواتریش لە کۆڕو مەجلیسەکاندا پێشکەشکراون، بۆیە زۆرتر لە ڕێگەی یادەوەریی بەکۆمەڵەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراونەتەوە " کەواتە لێرەدا ڕاستی و دروستی ئەو دەستەواژەیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە دەڵێ: ڕۆحانییەتی بەکۆمەڵ ڕۆڵێکی دیار وبەرچاوی هەیە لە ڕوونکردنەوەی ناسنامەی مێژوویی چالاکیی چڕینی فۆڕمەکانی گۆرانی لە ڕێگەی شارەزایانی ئەم بوارە کە هەمیشە بەپێی ئەو بارودۆخە کلتوورییەی کە گەلان وتاکەکان تێیدان ڕەسەنێتی و شوناسی نەتەوەییان دیاریدەکرێن. (جەزراوی، ٢٠٠٦، ل ٨)

لەبەرئەوەی گۆرانی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەک نەخشێکی هەڵسوکەوتی کلتووری بە ئامانجی وروژاندنی سیما نەتەوەیی و مرۆییەکان لە پێکهاتەکانی کەسایەتی تاکی کورددا کارلێک دەکرێت، هێڵێکی دیاریکراو لە جوانی ئاخاوتن و دەنگ و میلۆدی و پێرفۆڕمەنسی هەیە، کە پاکی ڕەفتاری ئەم تاکە و جەماوەرییەتی بیرۆکە و نەریتە کەلەپوورییەکانی هەمیشە پشتڕاستی دەکاتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ل١)

گۆرانی کوردی لە سروشتدا بە هەستەکانمانەوە گرێدراوە، چونکە لە پێکهاتەی موزیکیی خۆیدا بە دەنگی مرۆڤ بەستراوەتەوە، هەروەها ڕیتمی سروشتی ژیانی کوردی وریتمە کۆمەڵایەتییەکەی تێدایە. (ئەلهاشمی، ٢٠٠٦، ل٨)

گۆرانی کوردی ڕێگایەکی جیاوازی بۆ خۆی داڕشتووە ولە بنیادی گۆرانی چڕینی ژینگەیی میللەتانی دراوسێی تری ناچێ، ئەمەشیان لەسەر بنەمای ناوازەیی تایبەتمەندییەکەی ووابەستەبوونی بەو ژینگە کوردییەی کە لێیەوە سەری هەڵداوە. (سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠)

موزیکی فۆلکلۆری کوردی هێندەی مێژوو کۆنە، ئێستاش لە فۆڕم وپێگە وریتمەکانی ورەنگە تەنانەت تەوەرەکانیشیدا بوونی هەیە، داهێنەری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە موزیکی کوردییە گۆرانیبێژە سەرگەردانەکان وکۆمەڵێک گۆرانیبێژ وژەنیار وقەوال وحیکایەتخوان کە لە نێوان گوند وخێڵەکاندا دەژیان وزۆرجار لە هەندێک وەرز وبۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، سەردانی کەسایەتییە دیارەکانی ناوچە گوندنشین وشارییەکانیان دەکرد. https://ayyamsyria.net

Alla weysi (1)



Alla weysi 2






https://ayyamsyria.net

کۆمەڵێک فۆڕمی گۆرانی کوردی هەن کە بە شێوازی چڕینی نەتەوەکانیترئەنجام نادرێن، ئەمانە ئەو مۆدە کوردییانەن کە تا ئێستاش تایبەتمەندی ئەو ژینگەیەی کە لێیەوە سەریان هەڵداوە، پاراستووە وهەرواش هەن وەک فۆڕمی ئەلاوەیسی. هەروەها هەموو مۆدە موزیکییەکانی عێراقی بە پێی میتۆدی چڕینی مەقامزانەکانی کوردەوە چڕدراونەتەوە. (هاشمی، ل ٦٠).

میلۆدی وفۆڕمی گۆرانی کوردی تایبەتمەندییەکی ڕوونیان هەیە کە تایبەتمەندی موزیکی کوردی و جیاکارییەکەی و خاوەنداریەتی لە توخمێکی جیاواز لە موزیکی گەلانی دیکە بەرجەستە دەکەن. (سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢).

شێوازی ئیمپرۆڤیزەیشن بە کامڵبوونی هونەری تایبەتمەند نییە، مەگەر توخمێکی دووانەیی (شێوە و ناوەڕۆک) ی لەخۆ نەگرتبێ، ئەمەشیان وەک مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەرجەسەتەبوونی داهێنان. (ئەلشوان. ل ٣٥٢)

هونەری داهێنەر وەک زنجیرەیەک پەیوەندی بەیەکەوە گرێدراو دێت و لەوەدا هونەرمەند (ئیمپرۆڤیزەر) دەرئەنجامی هونەری خۆی لەوە وەردەگرێت کە لە کەشوهەوای هونەری دەوروبەری بەدەستی دەهێنێت، هەروەها لە ئەزموونی ئەو کەسانەی کە پێش خۆی لە بواری هونەرەکەیدا هاتوون، و کار بۆ پەرەپێدانی دەکات، و داهێنان ئەوەیە کە دروستی دەکات، ئەم پرۆسەیەش تەنها بە لێکۆڵینەوە لە شێوازە هونەرییە داهێنەرە جۆراوجۆرەکان بەردەست دەبێت ، یەکێک لەو بناغە گرنگانەی کە لەسەرهونەری ئیمپرۆڤیزەکردن پەیوەستە، ئەوەیە کە ئیمپرۆڤیزەر لە نێو ناوەڕۆکی مانا جۆراوجۆرەکانی ئیمپرۆڤیزەیشندا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئامانجی ئیمپرۆڤیزەیشنیش کاریگەریی هونەرییە، ئەگەر تۆنەکان هەڵگری مانای دەربڕینی خۆیان نەبن، ئەوا ئەو ڕۆحیەتەو کاریگەرە هونەرییە لەدەست دەچێت. (الكوردی، ل ١٩٥)

دەربڕینی هونەری لە موزیکدا خودی جوانییە ولوتکەی دەربڕینی هونەری لە ئیمپرۆڤیزەیشندا بە وروژاندنی سۆز وبەئاگاهێنانەوەی خەیاڵ بەدیارەدەکەوێت. (پۆرتنۆی، ١٩٧٤، ل ٢٨٩، ٣٣٠)

**٤- پێرفۆڕمەنسی خورشیدی بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن:**

مێژووی مۆدە موزیکییەکان بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، هونەرێکی کلاسیکە کە کۆنترۆڵ وپێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە. (ئەسعەد، ١٩٧٤، ل ٢١).

بۆیە کاتێک باس لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی موزیکی کوردی دەکەین، پێویستە ئەو پەیوەندییە دیاری بکەین کە لە نێوان موزیکی کوردی و کۆی کلتووری کوردیدا هەیە، واتە لێکۆڵینەوە و وەستان لەسەر برگەهونەریەکانی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، سەبارەت بە ڕیتمە سروشتییەکەی موزیکی کوردی، دەبێت ئاماژەی بەوەبکەین، کە نیشتیمانی کورد بڕبڕەی پشتی چیاکانی ڕۆژئاوای ئاسیایە، و تا ڕادەیەک سالانی یەک لە دوای یەک لە زیانەکانی لەشکرکێشییەکان پارێزراو ماوەتەوە،، بە پاڵپشتی ژینگە سەخت و دژوارەکەیانەوە و سەبارەت بە ڕیتمە کۆمەڵایەتییەکەش، کوردەکان وەک بەسەربردنی ژیانێکی کۆچەریی ڕێکخراو بە پێکهاتەیەکی خێڵەکی توانیویانە پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن ولەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ، کە تێکڕای کورد کۆچەر نەبوون، بەڵکو بەشێکی زۆری کوردەکان لە شار و لادێ و گوندەکانیش نیشتەجێ بوون. (تاتسومورا،١٩٨٩، لا ٧٩)

پێرفۆڕمەنسی خورشیدی لە شێوازی گۆرانی کوردیدا بەندە بە ئیمپرۆڤیزەیشن،ئەم فۆڕمە بەبێ ئامادەکاری پێشوەختە وبەبێ ڕیتمی موزیک دەچڕدرێت، پێرفۆڕمەنسکار وردتر لە تواناکانی دەنگی و توانا و لێهاتووییەکانی لە گواستنەوە لە چینە دەنگییەکانی خوارەوە بۆ چینە دەنگییەکانی سەرەوە بە شارەزایی و کۆنترۆڵی هونەری بە نێوتۆنەکانی موزیکیدا گوزەر دەکات.

خورشیدی فۆڕمێکی ڕەسەنی گۆرانی کوردییە، هەر لە کۆنەوە لەلایەن پێرفۆڕمەنسکارانی کورد کە لە هونەری پێرفۆڕمەنسدا شارەزا بوون چڕدراوە. تایبەتمەندییەکی تایبەتی بە تەنیا بە کوردستان وبە تایبەت ناوچەی کەرکوکەوە هەیە. بۆیە ئاساییە، کە هەست بە بوونی ئەم جۆرە فۆڕمە لەلای نەتەوەکانیتردا ناکەین، ئەم بەڵگە بەهێزە ڕاستییەکی چەسپاو پشتڕاست دەکاتەوە ودەیسەلمێنێت کە چڕینی ئەم فۆڕمانە تایبەتمەندییەکی دیاری لە ئەنجامداندا بەدەر لە کەسانی تردا هەیە، سەبارەت بە لایەنی زمانەوانی، وەک دەق و تێکستی ئەدەبی هەڵگری سیمای زاراوەی (ماچۆ) هەورامی پێوە دیارە، بۆیە پێرفۆڕمەنسکارانی کورد وەک چۆن گوێچکەکانیان لەو زاراوەیە وەریانگرتووە، ئاواش پێشکەشی جەماوەری دەکەن.چونکە زۆربەی هۆزەکانی نیشتەجێی ناوچەی گەرمیان بەم جۆرە شێوەزارە دەئاخفن، دەگوترێ خورشیدی شێوازێکی تایبەتی گۆرانی وتنە کە لە کاتی خۆرهەڵاتندا پێشکەش دەکرێت، بەڵام عەلی مەردان بە شێوەیەکی ئەم قسانە ڕەتدەکاتەوەو بە بۆچوونی ئەو چڕینی ئەم جۆرفۆڕمە لە کاتی خۆرئاوابووندایە نەک خۆرهەڵاتن.. (حەویز، ٢٠١٤، ل ٢٢)

Xwrshidi



**٥- پێرفۆڕمەنسی سیاچەمانە بە شێوەی ئیمپرۆڤیزەیشن**

سرووشتی گۆرانی چڕینی کوردی بە هۆی زۆری ئاواز ومۆد وریتمەکانییەوە پێویستی بە ڕووکردنە بۆ نێو سەرچاوەکانی ژینگەی کورد، ئەمەش وای لە گۆرانیبێژە پێشەنگەکانی کورد کرد کە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ژینگەدا قووڵتر بکەنەوە، چونکە ئەم ژینگەیە تاکە سەرچاوەی ئاو سەردەمەدە بۆ زانینی وردەکارییەکانی تەلارسازی هونەریی فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی. (الهاشمی،٢٠٠٦، ل٤٥)

دەکرێ بڵێین گۆرانی کوردی بەهایەکی مێژوویی قووڵە، کاریگەرییەکی گەشاوەی هەیە وتوانای ئاوێتەکردنی کەلەپوورو هاوچەرخێتی هەیە، لە نێوان ڕۆح وتەکنەلۆژیادا، لە نێوان مێژوویەکی شکۆمەند وبێوێنەدا. هەموو ئەمانەش بە یەکەوە بەرەو داهاتوویەکی هونەریی پرشنگدارمان دەبات. (الهاشمی،٢٠٠٦، ل٤٥)

بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئیمپرۆڤیزەیشن، شێوازی هونەری ئیمپرۆڤیزەکردن لە پانتایی گشتی خۆیدا بە جێبەجێکردنی قۆناغە گرنگەکان تایبەتمەندە، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

١- لێهاتوویی دەسپێشخەری (دەستپێکردن):

نوێنەرایەتی سەرەتای ئیمپرۆڤیزەکردن دەکات وپێویستە ئیمپرۆڤیزەر گرنگی بە پێشکەشکردنی ئەم سەرەتایە بدات تا کاریگەرییەکی باشی هەبێت، بەو پێیەی ئامرازێکە بۆ گوێگرتنێکی تەواو وتێگەیشتن وچێژوەرگرتن لەوەی کە ئیمپرۆڤیزەر پێشکەشی دەکات.

٢- پێشکەشکردنی بابەت وکارلێکی میلۆدی:

ئەم قۆناغەی ئیمپرۆڤیزەکردن تایبەتمەندە بە سەرهەڵدانی جووڵە یان چالاکیی بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆح وخەیاڵ، ڕەنگە ئیمپرۆڤیزەر لەم قۆناغەدا بیرۆکەکانی خۆی بە شێوازێک لەسەر بنەمای دیالۆگ بخاتەڕوو، بەجۆرێک لوتکەی هەستی میلۆدی بە یەک لە دوای یەکهاتنی تۆنەکان بە زنجیرەیی و بە نەخشێکی دیاریکراودەخاتە ڕوو.

٣- کۆتایی (قۆناغی داخستن):

لەم قۆناغەدا ئیمپرۆڤیزەر پەنا دەباتە بەر شێوازێکی سۆزداروڕازاوە، بەجۆرێک داخستنی کۆتاییەکان ڕێڕەوی سروشتی خۆیان لە ڕووی پلۆتی هونەرییەوە دەگرنە بەر، بە خزمەتکردنی هەموو تۆنەکان وتیشک خستنە سەریان، کە لە چوارچێوەیەکی ڕوون و لە تۆن ومۆدی ڕەسەنی خۆیدا وهەمیشە وەک تۆنێکی باڵادەستیش دەردەکەوێت. (ئەلکوردی، ل 209-211)

بەشێوەیەکی گشتی سیاچەمانە(مۆنۆفۆنی (Monophonicه، چونکە تەنها یەک ڕستەی میلۆدی دەبیسترێت و هیچ سیاچەمانەچڕ و ئامێرێکی موزیکی هاوشانی ناکات، تەنانەت ئەو ساتەی کە دوو سیاچەمانەچڕیش پێکەوە سیاچەمانەیەک دەچڕن بەشێوەی وەڵام دانەوە بۆ یەکتری بەکارەکە هەڵدەستن نەوەک لە یەک کاتدا پێکەوە سیاچەمانە بچڕن.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی توخمی میلۆدیی لە موزیکدا، فرەچەشنییەکەیەتی لە کاتی پرۆسەی دووبارەبوونەوەیدا، یان لە کاتی پێشکەشکردنی پێرفۆرمەنسی ئیمپرۆڤیزەیشن لە چوارچێوەی گۆرانیی تاڕادەیەک لیبراڵ، لێرەدا فرەچەشنی لە ڕێڕەوی میلۆدیدا وەک جۆرێک لە زیادکردن لە بنیادی فۆڕمەکانی موزیکدا لە ناوەوە ڕوودەدات. سەبارەت بە فۆڕمەکانی گۆرانی ئیمپرۆڤیزەکردنی هاوکات لەناو فۆڕم و ژانرە هونەرییە ڕەسەنەکاندا، ئەگەر لە ساتەکانی دەرکەوتن و ئاوێتەکردکداڕوووبدات واتە (سەڵتەنەتی موزیکی)،ئەوا پێویستی بە لێهاتوویی ئاست بەرزی ئەنجامدان و زانیاری قووڵ لەسەر گۆڕانکارییەکانی تۆن دەبێت. (فەرید، ٢٠١٤، ل ٣٦١)

سەختی ژیانی کوردەکان وئەو کارەساتانەی بەسەر هاتوون وایکردووە، کە ئاواز وگۆرانیەکانی ئاوێزانی خەم وپەژارە بن. لە لایەکی ترەوە جێگای سەرنجە کە گۆرانی کوردی هەمیشە موزیکێک هاوشانی ناکات بۆ ئەوەی بەجۆش دەربکەوێت.، بەڵکو هەندێک جار بە تەنیا گۆرانی چڕین وخاوەنی ئەو قوڕگەی کە ئەم گۆرانییە دەچڕێت بەسە بۆ ئەوەی کاریگەری زیندووتری لەسەر هەرکەسێک هەبێت، کە گوێ بیبیستی دەبێت.
https://www.abwab.eu

ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە لەم جۆرە گۆرانی چڕینەدا دەبینین کە موزیکی لەگەڵدا نییە و لە ڕووی ڕیتمەوە فۆڕمێکی ئازادی هەیە.
بە گشتی دەتوانرێ دێرینی هەورامان لە چەند لایەنێکدا کورت بکرێتەوە لەوانە (شوێنەوار، ئایین، زمان، موزیک وگۆرانی، جوگرافیای هەورامان)، هەر بۆیە هەورامان و شارەزوورو دەوروبەری دادەنرێت بە کانگای نهێنییەکانی فەرهەنگ و مێژووی کوردستان، کە چەندین پاشماوەی دێرینی تێدا هەیە و هەندێکی دۆزراونەتەوە و هەندێکیشی تا ئێستا هەر وەدەر نەخراون، بۆ نموونە چەندین قەواڵە و تاشەبەردی نوسراوی کۆن و شوێنەواری میترایی و زەردەشتی لەوێدا دۆزراونەتەوە (کاکەیی، ٢٠١٥، ل٨٢-٨٣)

توێژەر پێی وایە ئەم فۆڕمە لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە پێوەری (مۆدی کورد) ی تێدا بەربڵاوە ئەنجام دەدرێت ولە هەندێک ناوچەی دیکەشدا وەک ئەوەی لە (مۆدی بەیات) ەوە بێت ببیسترێت وادێتە بەر گوێچکە.

پێشکەشکردنی ئەو ئاوازە لە پێرفۆڕمەنسێکی تێپەڕدا، خۆی دەخزێنێتە ناو قووڵایی مێژووی هونەری ناوچەکە ومانای شاراوەی پیتەکان بۆ دەقەکە دەهێنێتە دەرەوە کە بە وردبینییەکی زۆر، بەهێزی قوڕگ وڕازاندنەوەی میلۆدی ولەرینە دەنگییە دیراسەکراوەکان، کە لە قوڕگەوە دەردەچن هاوشانێتی دەکات ووەک پێداویستی سەرەکی بۆ پێرفۆڕمەنسی فۆڕمەکەش ئەژمار دەکرێن.

سیاچەمانە دیارترین فۆڕمەکانی نێو گۆرانی هەورامانە، ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت و ئاڤێستا. ماگاکانی تیرەی ماد، وەک ئەرکی ئایینی سەرشانیان هەموو سروودەکانیان لەبەر بووە و بەئاوازەوە خوێندوویانە (کوێخا ڕۆستەم، ل ٢٠٢١، ١٤٦). ەرووی پێرفۆرمانسەوە:


بە پێی ئەو ماوەیەی کە کار لەسەر شیکاری دەنگی هەندێکیان دەکەم و لەپاڵ ئەوەشدا کە ڕاوبۆچوونی گەورە سیاچەمانەچڕانی وەک (عوسمان هەورامی) و (جەمیل نەوسودی) و (دڵسۆز کەیمنەیی)، هەندێکیش لە شارەزایان و نووسەرانی وەک (جەلیل عەباسی) و (ئەیوب ڕۆستەم) و چەند کەسانێکی دیکە، پێیان وایە کە لە ئێستادا زۆر کەم سیاچەمانەچڕ هەن کە بە دروستی و بەبێ کەم و کورتی بتوانن سیاچەمانە بچڕن، بۆ ئەبێ کەس نەبێت لە (عوسمان کەیمنەیی یان هەورامی) باشتر سیاچەمانە بچڕێت؟ بەڵام کاتێک کە دەستم کرد گوێگرتن بە وردی لە دەنگی سیاچەمانەچڕان و بە نووسینەوەی نۆتەکان و شیکارکردنی دەنگەکان لەڕووی (هەناسە – پابەند بوون بە چینی دەنگی – پابەند بوون بە ڕیتمی ناوەکی – جەڕەسی دەنگی – بەکارهێنانی داینەمیک - هتد)، بۆم دەرکەوت تەنانەت کۆنەکانیش کەسیان لە (عوسمان کەیمنەیی) شارەزاتر نین، چوونکە (عوسمان کەیمنەیی) ئەگەرچی لە پێشتر لەناو دایک و باوک و مام و براکانی خۆڕسکانە لێی وەرگرتوون لەپاڵ ئەمانیشدا کاریگەری چەند کەسێکی دیکەی پێشتری کە بەتەمەن لەم گەورەتر بوون لەسەری هەبووە، بەڵام ئەم توانیویەتی ئیمپرۆڤایزی تیا بکات و بەرگێکی نوێتر بکات بەبەری سیاچەمانەدا و تەنانەت ئیمپرۆڤایزی لە تێکستەکانیشدا کردووە، هەندێک جار خۆش بۆخۆی سیاچەمانەی داڕشتووە، خۆشی وتەنی دەڵێت: " من زۆر ڕازی نیم لەم سیاچەمانەچڕانەی ئێستا، چوونکە گوێ ناگرن لە وردەکاری تەکنیکی چڕینی ئاوازەکە و

هەناسەشیان کورتە زوو پەکیان دەکەوێت، هەروەها شارەزای جۆرەکانی سیاچەمانە نین). فەرزاد ئەمینی – سیروان خالدی – ئیسماعیل حەمیدی – ئیسماعیل هانە گەرمڵەیی – سەعدی نەوسودی (ئەمانە سیاچەمانەچڕن لە هەورامانی ئێران).

عەتا زەڵمی (ئێستا توانای جارانی نەماوە) – ڕزگار گەچێنەیی – نەوزاد نەسروڵا – یونس میرزا عەبدوڵا – ئەرسەلان ئادەمر عبدالرحیم ناسراو بە(ئەرسەلان هەورامی)، (ئەمانە سەر بە هەورامانی باشوورن).

بۆیە ئەو گەلانەی ڕیشەی ڕەسەنێتیان چووەتە نێو قووڵایی مێژووی شارستانیەتی هونەر نوێنەرایەتی یەکێک لە لوتکەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەکەن. (فەرید، ٢٠٠٥، ل ١٥٣).

Ai ai Siyachemane



## 4- ئەنجام و دەرەنجامەکان:

١ -فۆڕمی گۆرانی چڕینی کوردی ئیمپرۆڤیزەیشن هونەرێکی سۆزئامێز بووە وئێستاش هەروایە، چونکە ڕێگە بە گواستنەوە لە واقیعەوە بۆ ئیرادە و لە ئارەزووەوە بۆ تێڕامان دەدات، ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی کورد و بەهاکانی دەربڕینی ڕۆح و نەریت و کات دەستەبەر دەکات..

٢ -دەنگی مرۆڤ گرنگترین توخمی جیاکەرەوەی پێرفۆڕمەنسی فۆڕمی ئیمپرۆڤیزەیشنە، ئەمەش بەڵگەی بوونی چەندین بۆتەی گۆرانی چڕینی کوردییە کە ئامێرێکی موزیکی دیاریکراوی لەگەڵدا نییە.

٣ -بەشێک لە نەخشەکانی گۆرانی کوردی ئۆرنەمێنت و نەخشێنراوی موزیکی و دەنگی لەخۆدەگرن و ئەمەش پاڵپشتی بنیاتنانی ئاوازەکە دەکات و جوانییەکەی پتر دەکات..

٤ -جۆری پەیوەندیدار بە گۆرانی بە سیماکەی وەک  تەڕەب تایبەتمەندە و تەوەرەکانی بنیاتنانی ناوخۆیی خۆی لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەخۆدەگرێت، جۆری پەیوەندیدارش بە گۆرانی ئاینی سیماکەی وەک سرووشتی تەرتیل دەناسرێتەوە..

٥ -ئیمپرۆڤیزاسیۆنی گۆرانی کوردی هونەرێکە کە لە کلتووری موزیکی کوردیدا بوونی هەیە وبەربڵاوە، هەروەها بە هۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی وکلتوورییەکان و کارلێک و کاریگەرییە شارستانییەکانەوە مانای هەمەچەشنی هەیە.

٦ -ئیمپرۆڤیزاسیۆنی لیریکی کوردی لایەنێکی گرنگی هونەر وموزیکی گۆرانی کوردییە، چ سیستماتیک بێت یان جەماوەری.

٧ -گۆرانی کوردی بەتەنها دەتوانی مەرامی هونەری خۆی ببێکێت، بەبێ یاوەریی ئامێرە موزیکییەکان،بۆیە تایبەتمەندییە دەنگی و شرۆڤە کردنی لایەنە دەروونییەکەی باشتر تیشکی دەخرێتە سەر.

٨ -بارودۆخی موزیکی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی نوێنەرایەتی سیمای هێماسازیی شوناس و سەربەخۆیی دەکات، هەروەها دیالۆگێکە لە چوارچێوەی خۆیدا تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەزار و زاراوە زمانەوانییە جیاوازەکان کە لە ناوچە جیاجیاکاندا بڵاوبوونەتەوە.

## 5- ڕاسپاردەکان:

١ -ئەگەری بەکارهێنانی ئیمپرۆڤیزەیشن لە لایەنی پەروەردەیی بۆ خزمەتکردنی لقەکانی تری مۆسیقا، وەکو سۆڵفێج، شیکاری مۆسیقا، و ژەنینی ئامێر.

٢ -بایەخدان بە توخمە ئیمپرۆڤیزەیشن و چەسپاندنی مانا هونەریەکانی لە بوارەکانی گۆرانی و ژەنینی گوتاریدا، و بۆ بەباتکردنی نەوەیەک کە پشت بە کەلەپووری هونەری و کلتووری کوردی ببەستێت.

٣ -توێژەر پێشنیاری پێویستی کردنەوەی بەشی ئیمپرۆڤیزەکردنی دەنگی یان ئامێریی لە چوارچێوەی بابەتی فێرکردنی ئامێری موزیک و گۆرانی کۆراڵ لە پەیمانگا و کۆلێژەکانی تایبەت بە موزیک دەکات.

## 6- پێشنیازەکان

١ -توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە دەکات بۆ دەرخستنی لایەنی جوانیناسی وچێژی ئیمپرۆڤیزەکردنی لیریکی بەهۆی پێگەی گرنگی لە هونەری موزیکدا..

٢ -بەکارهێنانی ڕاهێنانی جیاواز لە بابەتەکانی تری موزیک و گونجاندنیان بۆ باشترکردنی پێرفۆڕمەنسی ئیمپرۆڤیزەیشن لەناو بابەتی سۆلفێج و بابەتە جۆراوجۆرەکانیدا.

٣- گرنگیدان بە دەستنیشانکردنی لایەنی داهێنەرانەی ئیمپرۆڤیزەر، و بەشداریکردنی لە پرۆسەی زیادکردنی موزیکیی و فەراهەم بوونی بەهرە و توانا هونەریەکاندا.

## 5- لیستی سەرچاوەکان:

### بەزمانی کوردی:


رسول، شکریە، (٢٠٠٨)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای موزیک وکەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم.

کاکەیی، فەلەکەدین (٢٠١٥)، کۆبەرهەم، چاپی١، بەرگی٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کوێخا ڕۆستەم, ئەیوب (٢٠٢١)، هونەری ژیان لە هەوراماندا، چاپی ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.


### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


- امين، عائشه السليم، (1998) ينابيع الافكار الفنيه لتعليم الارتجال الموسيقى مكتبه الانجلو المصريه القاهره سنه
- بروليه، جيزيل، (1970)، جماليات الابداع الموسيقي،ترجمة فؤاد كامل ،مكتبة غريب ، القاهرة.
- بورتنوي، جوليوس، (1974)، الفيلسوف وفن الموسيقى ، ترجمة فؤاد زكريا ، الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة.
- توفيق، زرار صديق، (2010)، الموسيقى الكوردية في العصر الوسيط، مجلة(زانكو) مجلة العلوم الانسانية اصدرها جامعة صلاح الدين ، أربيل ، العدد44.
- توما ،هيثم هرمز، (2009)، قطر للايداع في الغناء العراقي مجله كليه التربيه الاساسيه بغداد العدد السادس والخمسون.
- حويز، مظهر أسماعيل، (2015) فن الأرتجال الغنائي والألي في الموسيقى الكوردية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الفنون الجميلة ،جامعة صلاح الدين ، أربيل.
- الخليل، احمد محمود، () الشخصيه الكرديه دار موكرياني للبحوث والشراء الطبعه الاولى اربيل.
- الخولي،سمحة، (1975)، الارتجال وتقاليده في الموسيقى العربية، مجلة عالم الفكر،المجلد السادس – العدد الاول ،.
- الزيات، احمد حسن، (1954)، دفاع عن البلاغه مطبعه الرساله القاهره.
- الشوان، عزيز، (1979)، الموسيقى على الجميع الهيئه المصريه العامه للكتاب القاهره.
- عبد العزيز، سعاد، (1979)، تنميه الابتكاريه الموسيقيه في مجال ترجع تعليمي رساله دكتوراه غير منشوره على القاهره كليه التربيه الموسيقيه جامعه حلوان.
- عبد العزيز، سعاد، (1992)، الارتجال التعليمي والابتكارات مذكرات غير منشورة.
- علي، اسعد محمد، (1974) مدخل الى الموسيقى العراقية ، وزارة الاعلام ، سلسلة الكتب الحديثة ط1، بغداد.
- فريد، طارق حسون، (2005)، علاقة المبتكر بعناصر النسيج الموسيقي وطرائق ادائه وتقبله، مجلة الاكاديمية، المجلد العدد 43.
- الكردي ،عبدالله على محمد، ( 1984)، فن الارتجال في الموسيقى العربية ، رسالة دكتوراه غير منشورة،كلية التربية الموسيقية ، جامعة حلوان.
- الكردي، ابراهيم بضاضا، (2011)، تطوير التراث والفلكلور متنوع في الاردن واستثمار وسياحيا دراسه تطبيقيه على التراث الكردي في الاردن جمعيه منتدى التنوع الثقافي الاردني عمان الاردن.
- محمد، كونا قادر، (2009)، البناء الشكلي للاغنيه الكرديه مجله كليه التربيه الاساسيه جامعه المستنصريه بغداد.
- مصطفى ،سيروان محمد، (2014م)، أستخدام تكنولوجيا المعلومات في الصولفيج الشرقي (الصولفيج الغنائي والأيقاعي الكوردي أنموذجا) رسالة ماجستير غير منشورة ،كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين ، أربيل.
- المنيعي، حسن، (1990) المسرح والارتجال في على المقالات المطبعه الاولى دار البيضاء المغرب.
- نيكيتين، باسيلي، (2007)، الكرد دراسه سوسيولوجيه وتاريخيه ترجمه نورس طالباني مكتبه الفكر و التوعيه الاتحاد الوطني الكردستاني سليمانيه العراق.
- الهاشمي ، عادل، (2006م) اصوات والحان كوردية، دار سبيريز، للطباعة والنشر، دهوك ، كردستان العراق.


### سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:


- Astransky Leroy, (1977): understanding Jazz ،new Jercy ،England cliffs Prentice hall.
- Blom, E. Groves, (1954), Dic.of music & Musicians،Vil.VTl Macmillan. .

- Percy school the oxford universities 1965.
- Torrance, S., & Schumann, F. (2019). The spur of the moment: What jazz improvisation tells cognitive science. AI & SOCIETY, 34, 251-268.

## ماڵپەڕەكان:

- https: //www.alawan .org/
- https://ayyamsyria.net.
- https://Magazine –imm.iq.cdn.amppraject.org
- Https://www.agha-alkalaa.net lanchives /
- Https://www.alittihad. aelarticle/

## ديدارەكان:

- زازا، محمد عزيز شاكر، (2005) لقاء حول واقع الموسيقى الكوردية في كردستان مجلة ميرك العدد 1 لسنة 2005 اجراها الباحث.

# الارتجال والأداء الفني في أشكال الأغنية الكوردية

**أمانج غازي شاكر آغا**

كلية الفنون الجميلة- قسم الموسيقى- جامعة صلاح الدين – أربيل

amanj.shaker@su.edu.krd

**ملخص**

يهدف البحث إلى التعرف على تقاليد الارتجال والأداء الفني في الأغنية الكوردية. إن خصائص الارتجال والأداء في الأغنية الكوردية هي جوهر بنيتها الموسيقية. يعتبر الارتجال والأداء الغنائي جانبين مهمين في الفن الكردي بشكل عام والموسيقى والأغنية بشكل خاص، سواء كانت الموسيقى منهجية أو شعبية. وذلك من خلال النظر في وجود وترسيخ مكانتها الفنية في الأغاني الشعبية والموسيقى التقليدية بشكل جذاب ومتنوع ولا يخضع لأساليب وشروط الموسيقى الراسخة. أي أنها في الأساس شكل حر من الابتكار والإبداع، وقد تطرق الباحثان في فصول بحثهما الى الارتجال بشقيه (الحر والمقيد) ومن ثم كيفية اداء هذا الارتجال بشكل يضفي عليه سمات الابداع والتلقي الفني لدى متذوقي هذا الفن الراقي. والارتجال بشكل عام هو سمة بارزة في الموسيقى الشرقية . كان الارتجال والأداء عنصرين مهمين في الفنون الموسيقية لعدة قرون. منذ العصور الوسطى وقبل التدوين الموسيقي حتى يومنا هذا، لعبت دورًا مهمًا في الموسيقى بشكل عام. يعتمد فن الارتجال على الذاكرة والأداء الارتجالي الفوري.

**الكلمات المفتاحية**: الارتجال، الأداء، الشكل، الأغنية الكوردية.

# Improvisation And Artistic Performance in Kurdish Song Forms

**Amanj Ghaze Shaker Agha**

Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil

amanj.shaker@su.edu.krd

## Abstract

The primary objective of this study is to explore the improvisational traditions and artistic expressions in Kurdish music. The fundamental elements shaping the musical structure of Kurdish songs are the characteristics of improvisation and performance. In the realm of Kurdish art, and specifically within the domains of music and song, improvisation and singing performance hold significant importance, whether the musical context is formal or popular. This investigation delves into the artistic positioning of improvisation within folk songs and traditional music, presenting it in an engaging and diverse manner that transcends established musical styles and norms. Essentially, it manifests as a liberated form of innovation and creativity, with improvisation standing out as a prominent feature within Eastern music. Both improvisation and performance have been integral components of musical arts for centuries, extending from the Middle Ages and pre-music notation era to contemporary times. The art of improvisation relies on memory and immediate, spontaneous performance, showcasing its enduring relevance in the evolution of musical expression.

**Keywords**: improvisation, performance, form, Kurdish song.